www.kurdistannet.org
20-1-2003 0:24

# منداڵدانی دەست کرد

کوردی

مرۆڤ کە لە چەرخی بەردین ژیابوو هیچ لە پێداوویستیەکانی ژیانی نەبوو نە لە جل و بەرگ نە لە ماڵی دەست کرد، ژیانی لە ئەشکەوتەکان ئەبردە سەر، وە چەکی گەورەشی بەرد بووە. سەدە لە دوا سەدە مێشکی مرۆڤ گەشەی کردووە و ئامێری مەزنی داهێناوە

لە ساڵی ١٩٤٦ ز دوو زانای بەناوبانگ چۆن موتیشکی وە بیرپسیر ایکرت یەکەم کۆمپیوتەری ئەلەکترۆنیان درووست کرد کە لە ١٨٠٠ لوولەی ئەلکترۆنی بادەرکێشراو پێکهاتبوو وە رووبەری ٢٠٠ مەتر دووجا بوو هەروەها بارستایەکەشی ٣٠ تەن بوو. لەو کاتەوە تاکو ئێستا کومپیوتەر نەک لە ڕووی قەبارەوە بچووک بۆتەوە بەڵکو نرخەکەشی زۆر هاتۆتەوە خوارێ

جاران کۆمپیوتەر بەکەسێکی ئاسای نەدەکردرا بەلکو کارگە گەورەو بەناوبانگەکان ئەیان توانی بیکرن بەڵام ئێستا هێندە هەرزان بووە ئەتوانی باشترین کۆمپیوتەر بکڕی بە مووچەی مانگێکی ئیش کردنت لە ولآتە پێشکەوتووەکان

لە سالانی هەشتا لە ڕۆژنامەی عێراق هەوالێکی بلاوکردەوە ئەلێ کابرایەک لە سالانی بیست ووتبووی ڕۆژێ دێت مرۆڤ ئەتوانێ مرۆڤی دەست کرد درووست بکات بەلآم خەلک هەموو گالتەیان پێکردبوو

لە سالانی ٦٠ بیرۆکەی مرۆڤی دەست کرد هاتە کایەوە وە یابان لە سالانی هەشتا باشترین مرۆڤی دەست کردی درووست کرد کە پێ ئەوترێت ڕۆبۆت

قسەی ئەو کابرایە هاتە دی پاش ٦٠ ساڵێک

زاناکان بەوەش نەوەستان بەلکوو وویستیان مرۆڤ درووست بکەن لە مادەی ئورگانیک بیرۆکەی کۆپی مرۆڤ هاتە کایەوە ئێستا زۆربەی زانایانی بایۆلۆجی

خەریکی ئەم پرۆژەیەن

وە لە سەدەی ڕابووردا ئەو ئافرەتەی کە منداڵدانی لاواز بوو بۆ هەلگرتنی کۆرپە تاقیگەی تایبەت درووست کرا بۆ ئەم بابەتە بەلآم ئەم تاقیگایە هێندە گەورەیە وەکوو کۆمپیوتەرەکەی سالانی چلە

ئەوەی من بۆی ئەچم ڕۆژێ دادێت ئافرەت پێووست ناکات نۆ مانگ بە زگی خۆی کۆرپە

هەڵبگرێت بەلکوو مندالدانی دەست کرد درووست ئەبێ و قەبارەشی زۆر بچووک ئەبێ ئەم منداڵدانە دەکەوێتە هەموو ماڵێکی شارستانی

بەلآم بڕواناکەم کەس گالتە بەم بۆچوونەی من بکات چونکە بەڵگەتان زۆر لە دەستە

ئەگەر کۆپی مرۆڤ بکرێ ئەوا ئەو خەیالە زانستەش دێتە دی وە لەوانەشە بیری لێکرابێتەوە بەلآم من بە بەر چاو و گۆیم نەکەووتووە

من حەزم دەکرد لە سەدەی ڕابوردوودا کوردستان ئازاد باو ئەم دەزگایەش هەبووایە

حەزم دەکرد من بەم شێوەیە لە دایک بووبام و دایکم ئازاری بەمن نەکێشتبا

حەزم دەکرد دایکم هەموو ڕۆژێ لە پەنجەرەی منداڵدانەکە سەیری بکردبام و هەناسەی بۆ هەلکێشتبام

حەزم دەکرد هەموو ڕۆژێ وەکوو گوڵ منی ئاو بداباو ماچێکی بکردبام

لەوانەیە هەندێ کەس بڵێ ئەمە سۆز کەم ئەکاتەوە لە نێو دایک و مناڵ بەلآم من ئەلێم وەکوو چۆن مناڵ باوکی خۆی خۆش ئەوێ کە بۆ ساتێکیش باوک مناڵ هەڵناگرێ بەهەمان شێوەش هەمان سۆز درووست ئەبوو بۆ دایک

هاوکێشەکان هەروەکوو یەک دەبوو دایک و باوکم وەکوویەک خۆش ئەویست

ئەگەر لەم سەدەیەش نەگەین بەم ئامانجە ئەوا سەدەیەکی تر هەر ئەی گەینێ

تۆ بڵێی ئافرەت لەم ئازارەی نۆ مانگەش رزگاری نەبێت

**تێبینی کوردستان نێت:**

**مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.**

**ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت......... ١٥-١-٢٠٠٣**